# عێراقچییەتی . . . . ترسی توانەوە .. . غەمی رۆشنبیر

موحسین ئەدیب

رێگا نەما نەیگرینە بەر، هاوار نەما نەیکەین، پەڕە نەما رەشی نەکەینەوە، چەمك نەما نەیخەینە رستەوە، . . . كۆرمان گرت كۆبونەوەمان سازدەدا، هەندێ جارمانمان دەگرت، كەم تازۆر رێپێوانمان رێدەخست. . . . . دژی شەری ناوخۆ. . ، دژی براكوژی، لە خەتەری دووكەرت بوونی هەرێممان زۆر وەبیرخستنەوە، ترسناك باسمان لە بەكلتور بوونی (دێگەڵە) دەكرد، باسمان لە جوانییەكانی ئاشتی وئاوەدانیو ئاسودەگی دەكرد. . . . . . . هیچ سودێكی نەبوو، مورادێكمان حاسڵ نەكرد، تا بێهیوابوین وقەناعەتمان بەو كرد، حیزبەكان ناخوێننەوە بۆ بنوسین؟ سیاسیەكان گوێ ناگرن بۆ هاوار یكەین؟ حكومەت بەپیرمانەوەنایەت بۆرێپێوان بكەین؟ هەستمان پێناكەن بۆ مان بگرین ؟. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ؟

هەر بۆیە لەگەڵ هەموو ئەم هەوڵانەدا، براكوژی ماوەیەكی درێژ بەردەوام بوو تائێستاش ئیفرازاتی هەر ماوە هەرێمی كوردستان بەدوو كەرتی هەرماوەتەوە، فەسادی ئیداری هەموو كونو قوژبنەكانی حیزبو حكومەتو كۆمەلگاشی گرتۆتەوە، جیاوازی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵك لەوپەریدایە، حیزب ومیزاجە شەخسیەكان لە سەرو هەموو شتێكەوەیە، ئەمانە هەموو مانەوە وەك بلێی چارەسەریان، كلیلی قفلەكانیان فرێدراوونەتە كێوی قاف، تا (خدری زیندە) یەك نەیەت، تافریاد رەسێك پەیدا نەبێت، تادەستێكی دەرەكی مەرحەمەتی خۆی نەنوێنێ چارەسەرنابن، تا لەدەرەوە دامان نەنیشێنن لەچەمكی ئاشتی ناگەین !، تا ناچارمان نەكەن پێكەوە ژیان قەبوڵ ناكەین، تا ئیحایەكی دەرەكی ئاراستەمان نەكرێت ئیدارە یەك ناخەین، تا وانەیەكی ماتمتیكمان بەئینگلیزی بۆشەرح نەكەن نازانین جیاوازی نیوان 25هەزاردینار 160دینار چەندە؟.

سیانزە ساڵە و بەر لەو بەروارەش دەرسی كوردایەتی و كوردستانیبونمان دەخوێند بەڵام مامۆستایەك هاتو بۆی تەرك كردین و وتی بۆ ئیمتیحان داخڵ نیە! مولەحینێك هاتو نۆتەكانی سرودی (عراق وطن الحبيب) ی ئەز بەر كردین .

بێگومان من لەگەڵ هیچ یەكێ لەم تەرحە نوێیانەدا كێشەم نیە بەپێچەوانەوە مایەی دڵخۆشیشن كێیە حەز بەئاشتی و سەقام گیری نەكات؟ كێیە یەكگرتنەوەی هەرێم بەدەسكەوتێكی گرنگیئەتەوەیی لەقەڵەم نەدات؟ تەنانەت من لەگەڵ عێراقیبونیشدا گرفتێكم نیە، بەڵام ئەوەی كێشەم لەگەڵیدا هەیە دەلالەتە سلبیەكانی ئەودیو ئەم گۆڕانە بێبەرنامەو كوتوپڕانەیە، گرفتەكە لەوەدایە سیاسی كورد هێشتا باوەڕی بەخۆی نیە و متمانەی بەوە نیە خۆی كێشەكانی خۆی بخوێنێتەوە خۆی چارەسەریان بكات، بێگومان هەر لەم بەدگومانیەشی بەرامبەر خۆی بەدگومانیشە بەرامبەر گشت كایە نێوخۆیەكانی دی، بەدگومانە بەرامبەر بیرۆكەی رۆشنفیكرەكانی، بەلاموبالاتیەوە سەیری داواكاریەكانی خەڵك دەكات، تێناگات لەرەجای دڵسۆزان. . . . . . . . . ، لێرەشەوە ئەوەی پێیدەوترێت دیموكراسی وكۆمەڵی مەدەنی وحورمەت گەڕاندنەوە بۆ هەست و نەستی قوربانیەكان لەگوتاری سیاسی كورددا دەگاتە پلەی سفر، وەك دەرئەنجامێكی ئاساییش بۆ ئەم دەلالەتە دەلالەتێكی دی سەرهەڵدەدات كە برییتیە لە زیندوبونەوەی بیرۆكەی (خدری زیندە) لای تاكی سیاسی كورد چونكە بەد گومانی هەموو كایە ناخۆییەكان وات لێدەكات باوەڕت بە فریادڕەسێك هەبێت چاوەڕوانیدەستێكی مەرحەمەت برینەكانت بۆ سارێژبكات وگرێكانت بۆ بكاتەوە.

كێشەكە لەوەدایە ئەم گۆڕانە كوتوپڕانە جارێكی دی بێستراتیژیەتی گوتاری سیاسی كوردی دەسەلمێنێ، خاڵی گرنگ ئەوە نیە ئەم گۆڕانانە ئیجابین یاخود سەلبین، بەلكو بریتیە لەوەی تا چ ڕادەیەك دەستی سیاسی كوردی لەپشت ئەم گۆڕانانەوەیە، تا چ رادەیەك فشاری رۆشنبیران وكۆمەڵی مەدەنی ئامادەگیان هەیە، چونكە ئەگەر گۆرانەكان لەناكاوو دەرەكی بن جگە لەو دەلالەتە سەلبیانە بەردەوام دوو مەترسی لەپشتیانەوەئامادەگی هەیە ؛

⋆ئەگەر وابەئاسانی فاكتەرە دەرەكیەكان كاریگەریان هەبێت، ئەمرۆ كارێكی باشیان پێكردین زۆر سانا سبەینێش دەتوانن كارێكی سەلبیمان پێئەنجام بدەن .

⋆كاتێك گۆرانەكان لەدەرەوە فەرز كران زۆر كەم دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت، بگرە بەردەوام مەترسی ئەوەهەیە بەنەمانی ئەو فشارە هاوكێشەكان وەك خۆیان لێبێتەوە .

بێگومان دەلالەتەکان بەئەندازەی گۆڕانەکان گەورەن وهێندەی گۆڕانەکان زۆرن، بەلام لەوە گرنگتر ئاماژە کردنە بە رۆلی رۆشنبیران لە بەرامبەر ئەم گۆرانکاریانەدا، چونکەبەتەنها ئەم گلییانە یەخەی سیاسیەکان ناگرێتەوە چونکە لە لایەك غیابی رۆشنبیران وادەکات سیاسی بەراست وچەپدا شەنی خۆی بکات ولە لایەکی دی رۆشنبیر دەبێ دەرك بەوە بکات کە لە عێراقی نوێدا پێویستە رۆلی رابەری بگێرێتو چیدی هەلە زێرینەکان لەدەست نەداتو روداوەکانیش ئەوەی لێدەخوازن کە زۆر ماندونەناسانە لەهەولی بەمەدەنی کردنی کۆمەلگاو شەفاف کردنی دەسەلاتتدا توانا مەعریفی وئەخلاقیەکانی بخاتە گەڕ، بۆ ئەم مەبەستەش تارادەیەکی زۆر زەمینەی بۆ رەخساوە.

ئەگەر فشارە دەرەکیەکان ئاشتیمان بۆ یەك لاییبکەنەوە، ئەرکی رۆشنبیر وکۆمەلی مەدەنی بەکلتور کردنو بەبابەت کردنی سەرجەم رەهەندە جیاوازییەکانی ئاشتییە لەناخی کۆی تاکەکانی کۆمەلدا. . . . . . . . . ، ئەگەر ئەمریکا لەدەرێڕا دیواری دیگەلەمان بۆ دەڕوخێنێ و هەرێممان بۆ یەك دەخاتەوە، ئەوا کارکردن لەسەر گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتووی فرە رەهەندو رۆخاندنی دیواری (دێگەلە) لەناوەوەڕا لەئەستۆی رۆشنبیردایە . . . . . . . ، ئەگەر ئەمریکا میلیشیامان بۆ لەناو دەبات، ئەوا ئەرکی رۆشنبیروکۆمەلی مەدەنییە کەلە ناخی کۆمەلگادا هێزێکی مەعنەوی بخولقێنێ ودەرحەق بە سەرجەم دیاردە رزێنەرەکانی کۆمەلگاو دەسەلات رای گشتی دروست بکات وناچاری بکات شەفاف بێت و کۆمەلگا والێبکات گۆڕانەکان قەبولبکات، ئەگەر ئەمریکا وسیاسی کورد جارێکی دی عێراقچییەتیمان بەسەردا دەسەپێننەوە ئەو کاتە ئەرکی رۆشنبیر گرانتر و مەرجە سیستماتیکی تر دەبێت لە کارکردن بۆ بەرجەستە کردنی خسوسیەتی نەتەوەیوکلتوری وجوگرافی جوان کردنی وێنەی جیاوازی وپیشان دانی وەك سومبولێکی هەرە دیاری دەسەلاتێکی دیموکرات و کۆمەلێکی پێشکەوتوخواز، کاتێك سیاسی باس لەعێراقیبوون دەکات دەبێت رۆشنبیر باس لە تۆخ کردنەوەی چەمکی هاولاتیبوون بکات، کار لەسەر سفر کردنەوەی چەمکی هاولاتی پلە دوو لەئەدبیاتی دەسەلاتدا بکاتەوە، زەرورە گرێی خۆ بەکەم زانین لەناخی تاکی کورددا بکوژێت .

بلێێن چی؟ لەزاکیرەماندا (عێراقیبوون) . . . . کوشتن وبڕینو دەربەدەریو ئەنفالو کیمیایی بارانو گۆڕی بەکۆمەل ترسو توقاندنمان وەبیردێنێتەوە . . . . . پێمان خۆش نیە. . . . بەلام بلێین چی. . ؟ عیراقیبوون توانەوە و هاولاتی پلە دوو و گرێی خۆبەکەم زانین و ئەتك کردنی کەرامەتمان وەبیردێنێتەوە. . . . . . . ئێمە لەگەل عیراقیبووندا دنیایەك موفردەمان دێتەوەیاد کە هیچی لەگەل خەونەکانماندا تەبانیە، بۆچی ئێمە حەق مان نیە خەون ببینین؟ کێیە زەمانەتی خەون بینینمان بۆ دەسەبەر دەکات؟ ئەمریکا کە بەردەوام لە دنیای بەرژەوەندیەکانیدا گەوزاوە؟ دەسەلات کە بەردەوام کار لەسەر بیرۆکەی سەنتەریزم موقەدەس کردنی خۆی دەکات و منەتمان پێدەفرۆشێت؟ حیزب کە ئەو هەموو ئەزمونەمان لەگەلێداهەیە ؟!

muhsinadib@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.